بریتانیاو کەنەدا و ئوسترالیا بە فەرمی دانیان بە دەوڵەتی فەلەستیندا نا

ئەمە یەکشەممە هەریەکە لە وڵاتەکانی بریتانیا، کەنەدا و ئوسترالیا ، بە فەرمی دانیان بە دەوڵەتی فەلەستیندا نا، دوو دەوڵەت بە چارەسەری ڕەشیی دادەنێن .

کەیەر ستارمەر، سەرۆک وەزیرانی بریتانیا ئەمە لە ڕاگەیەندراوەکدا لە پلاتفۆرمی "X" بڵاویکردەوە، وڵاتەکەی بە فەرمی دانی بە دەوڵەتی فەلەستیندا ناوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەمە، بە زیندوکردنەوەی هیوای ئاشتی لەنێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلییەکان، و گەیشتن بە چارەسەری دو دەوڵەت، شانشینی یەکگرتو بە فەرمی دانی بە دەوڵەتی فەلەستیندا نا".

کەیەر ستارمەر باسی لەوەشکرد، "ئەنماییم داوە بە کارکردن لەسەر سپاندنی سزاکان بەسەر کەسایەتییەکانی دیکەی حەماس لە چەند هەفتەی داهاتودا". لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە "هیوای چارەسەری دو دەوڵەت کە دەبێتەوە، بەڵام ناتوانین ڕەگە بدەین ئەم هەوناکییە بکوژێتەوە."

ستارەر لە مانگی (تەممووز/7)ـی ئەمساڵ ڕایگەیاندبوو، وەاتەکەی بە فەرمی دانی بە دەوڵەتی فەلەستیندا دەنێت تا کاتی کۆبوونەوەی گشتی نێتەوە یەکگرتوەکان ئاگەر ئیسرائیل "هەنگاوی بنەڕەتی" بەرەو وەستاندنی شەڕ لە غەززە نەنێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەنتەنی ئاڵبانیز، سەرەک وەزیرانی ئوسترالیا ڕایگەیاند، وەاتەکەی ئەمە بە فەرمی دانی بە دەوڵەتی فەلەستیندا ناوە "لە چوارچێوەی هەوڵەکدا بە زیندوکردنەوەی چارەسەری دو دەوڵەت کە بە وەستانی شەڕ لە کەرتی غەززە و ئازادکردنی بارمتەکان دەستپێدەکات".

ئاڵبانیز جەختی لەوەکردەوە کە بزوتنەوەی حەماس نابێت هیچ ڕۆڵێکی لە فەلەستیندا هەبێت.

هاوکات مارک کارنی، سەرەک وەزیرانی کەنەدا لە ڕاگەیەندراوەکدا بەاویکردەوە، "کەنەدا دانی بە دەوڵەتی فەلەستیندا ناوە و پشتیاری کارکردن دەکات لە هاوبەشیەکدا بە پشخستنی بنیاتنانی داهاتویەکی ئاشتیخواز و پێ هیوا بە هەردو دەوڵەتی فەلەستین و دەوڵەتی ئیسرائیل".